# میحرابی دەروێشێك

سۆزی کامەران
S_kamaran@yahoo.com

کاتێك نێکوس کازانتزاکی لەسەر زاری پەروەردگارەوە پێناسەی خۆشەویستی دەکات دەنووسێت:

**ئەوەی بمناسێت، خۆشی دەوێم**

**ئەوەی خۆشی بوێم، خۆشم دەوێت**

**ئەوەی خۆشم بوێت، لە ناوی دەبەم**

من پێموایە کازانتزاکی بە چەمکێکی فەلسەفی و بۆ گەیاندنی عیسا بە لوتکەی خۆشەویستی ڕەها، خوا دەکاتە کارەکتەرێك و خۆشەویستی مەسیحی پێ دەردەبڕێ، بەلأم کاتێك مەسیح خۆشەویستی گەیاندە ئەو ئاستەی بێتە یەکێك لە خۆشەویستانی خوا، وەك مێژووی مەسیح پێمان دەڵێت خوا بردیەوە بۆ خۆی.

من هێندە بە تەریقەی سۆفیگەری ئاشنا نیم، هەتا بتوانم سۆفیانە عەشقی بەندە بۆ پەرستارو پەروەردگار ڕاڤە بکەم, وەلێ سەرگوزشتەی مەنسوری هەلاجم بیستووە کە لەسەر (انا الحق) لە سێدارە درا، من هێندە خولیای مۆسیقا نیم تا بتوانن لەو مەحاڵەی بیتهۆڤن بگەم و بزانم چۆن بە بێ هەستی بیستن ئەو سەمفۆنیە مەزن و نەمرانەی چڕیووە، یان بتوانم سۆزی شمشاڵەکەی دەروێش عەبدوللا شرۆڤە بکەم، کە گۆران دەگاتە ئەو ڕادەیەی بڵێت:

**بەڕەنگی زەردو شێوەی د.ست و شمشاڵی کزا، دەروێش**

**حەزم کرد بەستەیەك ببیەم سەراسەر حوزن و ماتەم بێ**

**لە بیتهۆڤن گەلێ زیاتر بە ڕۆحم ئاشنای وەللا**

**دە,ئەی دەروێش سکالأیەك لەگەلْ ڕۆحی کلۆلم کە**

پێموایە هیچ کەسێك ناتوانێت بەچەند وشەیەك پێناسەی عەشق بکات .

من تا ئێستا نازانم بۆچی سۆفی واز لە هەموو خۆشی دونیا دێنێت و دەبێتە دێوانە و دەشت و دەر کێوماڵ دەکات و کامەرانی لە سۆزی ئازاری خۆی و، خۆشەویستی بۆ پەروەردگاری پێ دەردەبڕێ.

ئەم سۆزەی سۆفیان خۆشی ئازارە بۆ بەرجەستەکردنی عەشق بۆ پەرستارەکەی.. بەلأم مەرجیش نیە پەرستارەکەی تەنها بە پەروەردگار بمێننەوە.

سەیرە ئەو ساتانەی ئازار دەبێتە مایەی خۆشی و کامەرانی و دیاری دەست بۆ قەناعەت پێکردنی پەرستار، دەبینی پەرستار هەست بەو ئازارە ناکات کە عەشق بەدیاری بۆی هێناوە..سەیرکەن پەرستارەکەی لە خەیاڵی سۆزدا چۆن وەڵامی مەحوی دەداتەوە:

**کە دادی یەئسی خۆم بردە لای ئەو عارفە**
**فەرمووی سبەینێ جەژنە خوێنی تۆ لە پێ دەگرم**
**کەمن مشتێ چڵ و چێو بم**
**بە چی بم کەڵکی چی دەگرم**

ئەم دیالۆگەی مەحوی لەگەڵ عەشقی نێو خەیاڵی شیعردا، هەمان پیرۆزی پەرستاری پەروەردگار دەداتە پەرستاری پەریەکەی خەیاڵی مەحوی، لەم دیالۆگە خەیاڵیەدا مەحوی خۆشحاڵە بەوەی کە پەرستارەستارەکەی بە خوێنی ئەو خەنەبەندان دەکات، بەڵام ترس ئەوەی هەیە کە خوێنی ئەو هێندە کەمە بەشی خەنە بەندانی ئەو ناکات , ئەم حاڵە مەحوی دەخاتە دووڕیانی بێ ئومێدی نێوان هەردوو پەرستارەکە، پەروەردگار و پەرییەکەی خەیاڵی شیعری.

هەر بۆیە لە بەیتێکی دیکەدا دەڵێت:

**لە روو سووری عیبادەت لام**
**لە روو زەردیم خەجاڵەت مام**
**بەناوی سێوی نام باخەوان**
**من بەهێ دەگرم**

ئەم بەیتە زاڵ بوونی عەشقی سۆفیانەی مەحوی بۆ پەری خەیاڵی شیعری بەسەر پەرستارە هەفینەکەیدا کەپەروەردگارە زاڵ دەکات ,
بۆ یە بەڕاشکاوانە دان بەوە دا دەنێ عەشقی پەرستارەکەی عەشقی پەروەردگاری لە بیر بردۆتەوە بۆیە لە بری سێو، بەهێ دەگرێت.
تێگەیشتن لەم سیحرە. لە ئازارو سووتاندا بەرجەستە دەبێت هەر بۆیە تێناگەم کاتێك یەکێك دەبێتە میوانی میحرابی ئەم جەنگلستانە سەختەو لێم دەپرسێ پێناسەی عەشقم بۆ بکەو پێم بلێ چۆن بتوانم خۆشم بوێت؟ لەوەلامی ئەم پرسیارە کە سەرتاپای بووونێك دەکاتە سیحرێکی ئەفسوناوی، لێگەڕێ لەوەی کە من دەستەوەستانم و لە جوڵەی پەنجەکانی دەروێش و، وشەکانی کانزانتزاکی سەرسامم، بەلاّم چۆن دەتوانم فێری ئازارێکت بکەم کە خۆم لەو سۆزو ئازارەدا کامەرانی دەبینم.